# وەش لە بێ بەزەییت ئەی نیشتمان

**مەحمود محەمەد عوسمان**

هاوڕیی ئەزیزم عەباس ئەلدلێمی لە ماڵپەڕی جیرانەو تەلەفۆنی بۆ کردم و بە لەهجە عێراقییەکە وتی: محمود شلۆنەک وەردە، چاوەڕێ وەڵام و چونی و چاکی نەکرد، وتی: نامە بەرز و جوانەکەی سەید ئەلقمنیت بینی؟ وتم: نامەی چی؟، خەریکی خوێندنەوەی وتارەکەیم دەربارەی دەوڵەتی ئیسلامی و دەوڵەتی دەستووری لە ماڵپەڕی ( حوار المتمدن)، جارێکی تر بە لەهجەکە وتی: واز بێنەوە و وەرە بۆ جیران، لە نێوان ماڵپەڕی حیوار ئەلمتەمەدن و جیران کۆمەڵی بیرۆکە و خەیاڵ دایگرتم، هەستم کرد ڕا دەکەم بۆ شوێنی، تۆ بڵێ چیی نووسیبێت؟ تۆ بڵێ توبەنامەیکی تر نووسیبێت، وەک ئەوەی پێش ساڵێک؟ یان وەڵامی ئەوانەی دابێتەوە کە وتیان موفەکرێکی ترسنۆکە و خۆڕاگر نەبوو بەرامبەر هەڕەشەی ئیسلامییەکان کە ڕۆژانە ئیبداع دەکەن لە فەتوا دارشتن، بیرم بۆ ئەمریکا ڕۆشت و وتم: ڕەنگە بوونی لە ئەمرکا یان وڵاتێکی تر دەتوانێت بە نەفەسێکی ترەوە بێتە مەیدان کە خەڵکانی عەلمانیەتی پێویستیان بە قەڵەمەکەی هەیە لە کاتێکدا ئەم هێرشە دڕندانە دەکرێتە سەر خەڵکی ئازادیخواز و عەلمانیەت، تا گەشتمە حزوری نامەکەی، سەیری نامەکم کرد کە زۆر درێژە، چەند جارێک خوێندمەوە وتم: ناکرێ ئەم کەسە دوای هەڕەشەکردن و دوای ئەو تۆبەنامەی کە پێش ساڵێک بڵاویکردەوە لە ئەنجامی هەڕەشەیەک لەلایەن ئیسلامە توندڕەوەکانەوە بەم بوێرییە بنووسێت و بگەڕێتەوە بۆ میسر و بەرامبەریان بووستێت. ئەگەر لەسەر نامەکە بنووسم دەبێت ئەم قسە لەسەر ئەم هەموو تەوەرانە بکەم( دەسەڵات، هەڵوێست، پاراستنی گیانی ڕۆشنبیران و ڕەخنە لە دەق ، پێوەندی نێوانی عەلمانییەت و دەسەلاتدارانی جیهانی عەرەبی، بوێری، کوشتن لە ڕوانگەی دەقە ئیبراهیمییەکانەوە ). بۆیە بڕیارمدا ئەم کارە خوێنەر خۆی ئەنجامی بدات و دەستمکرد بە وەرگێڕانی و لەبەر درێژی نامەکە، بۆیە باشتر وایە بە چەند بەشێک دایبگرم لەگەڵ کاتێکی خۆش بۆ ئەم نامە و دەڵێم ( ئەم نامەیە هاندەرێکە بۆ سووربوون لە بەردەوامبوونی ڕەخنە لە موقەدەس و پشتگێرییەکە بۆ ئەوانەی کە هێزی قەڵەم و بیرۆکەیان خستووەتە کار و دەیخەنە کار بۆ ئازادی وشە و ئازادی خوێندنەوەیەکی رەخنەگرانە بۆ هەموو لایەنەکانی ژیان و میژوو و شارستانییەت و ئاینەکان، و نامەیەکی جوانی ئەدەبی و بوێرانەیە

.

**نامە ئەدەبی و بوێرەکەی سەید ئەلقمنی. کە لە 2007/2/9 بڵاوکرایەوە.**

**و. مەحمود محەمەد عوسمان.**

**بەشی یەکەم**

ئەزیزم مامۆستا سەلاح عیسا، سەرنووسەری ڕۆژنامەی قاهیرە.

سڵاوێکی پڕ لە خۆشەویستی و ڕێز، لەگەڵ سپاسی بێ پایانم بۆ کەسایەتیت و بۆ دەستەی نووسەرانی ( قاهیرە) بۆ ئەو هەڵوێست و دادپەروەرەتان لەسەر کێشەکەم.

ئەم بابەتە یەکەم بابەتە بڵاویدەکەمەوە دوای بچڕانێک کە ساڵێک و چەند مانگێکی خایاند دوای نووسینەکەم و لەگەڵ بڕیارێکی چارەنووسساز لە گەڕانەوەم بۆ باوشی خۆشەویستانم و خەڵکەکەم کە لەلایان هەست بە ئارامی مرۆڤایەتی و پشتگیری مەعەنەوی دەکەم، چونکە خوێنەرەکانم کەسوکاری ڕاستەقینەمن و لە نێوانیاندا هەست بە مانا و بەها و هیوای ژیان دەکەم، لەبەر ئەو هۆیانە شایانی ئەوەن لەگەڵیاندا بژیم. لەوانەیە گرنگترین هاندەر بۆ

گەڕانەوەم، بگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕووداوانە کە لەم ڕۆژانەدا لە وڵاتەکەمدا ڕوودەدات، شارستانییەتی دەوڵەت ڕووبەڕووی فشارێکی پیس و ترسانک بووەتەوە، بەتایبەتی دوای دەرچوونی یاسای نوێ حیزبەکان و ئەو بانگەوازەی کە لەلایەن ڕەوتی ئیسلامی سیاسیەوەیە دەکرێت بۆ دەوڵەتێکی شارستانییەت لە ڕوانگەی سەرچاوە ئیسلامییەکانەوە. لەبەر ئەوەی من هەتا ئەم مێژووە وەڵامدانەوەیەکی هاودەنگیم بۆ ئەم بانگەوازە نە بیستووە و نە خوێندوتەوە. لە ڕوانگەی پسپۆریم لەم بوارەدا و وەک ئەرکێکی چەسپێنراو بەسەرمدا وەک هاوڵاتییەک، دەبێت ئەم بێدەنگییە بشکێنم کە تیرۆریزمی ئیسلامی بەسەرمدا فەرزیکردبوو، بۆ بەشداری لە عەلمانی کردنی نیشتمانم و کەسوکارم لەم نیشتمانەدا، ئەمە ماندووبوونی ئەوانە و بۆ ئەوانیش هەوڵدەدەم بە بەشداریکردن لە بەرپەرچدانەوە بۆ هێرشی کاولکاری کە بەناوی ئاینێکی جوان و مەزنی بێ تاوان لە کارەکانیان هاتوونەتە مەیدان، هەروەها دەگەڕێتەوە بۆ چەند هاندەرێکی تر کە لەم بابەتەدا ڕۆشنی دەکەمەوە کە نەمتوانی بەردەوامبم لەم بێدەنگییە سەپێنراوە.

لەوانەیە من لەم بابەتە تەکلیفێکت لێ بکەم لەسەرەوەی توانات بێت، و لەبەر ئەوەی بڵاوکردنەوە لە وڵاتەکەم حیسابات و هێڵی سووری جۆراو جۆری هەیە، بۆیە بڕیارمدا لە تۆڕی نێودەوڵەتی بۆ زانیاری بڵاویبکەمەوە،

پێشکەشتی دەکەم و هەروەها پێشکەشی دەکەم بە شێخە ڕۆشنبیرە و بەڕێزەکە عەبدۆڵا بن زاید، خاوەنی دەستە سپییەکان، و بۆ دکتۆر عەبدولموتەڵب ئەلهۆنی کە لەکاتی تەنگانەدا فریاڕەس بوو، و بۆ دکتۆر سەروەت باسیلی کە لە ناخەوە برایەکی ڕاستگۆ بوو، و بۆ جەنگاوەری چاونەترس فەریدە ئەلنەقاش، و هاوڕێی و مرۆڤ حلمی ئەلنمنم، و بۆ برادەری نووسەر و داهێنەر ئوسامە ئەنوەر عەکاشە، و بۆ مامۆستا کەمال غربال و بۆ پێنووسە ڕاستگۆ و تیژەکەی، و برادەری بەڕێزم و نووسەرێکی کەموێنە محەمەد بەدری، بۆ سەعید ئەلکحل و قەڵەمە ناسکەکەی کە وەک تیخە، و ئەیمەن ئەلسەمیری و ڕەوانبێژییە فراوەنەکەی، و بۆ سەعەد سەلاح خاڵس کە بە شیوەنەکەی گریانمی( سوارەکە کەوتە پییادە و ئەسپەکەی بە تەنها جێهێشت)، و لئسال ئەلیفن ڕاستگۆ لە قسە و پێنووس و دڵ، و هەروەها کۆمەڵێک لە ناوە گەورەکان و بەڕێزەکان: دکتۆر ئەحمەد ئەلبەغدادی، و عەباس بەیزون، عەبدولڕەحمان ئەلڕاشد، و سامی ئەلبەحری، و عامر ئەلئەمیر، و عەلی ئەلبەغلی، و ئەحمەد ئەلعویسی، و جاسم ئەلموتەیر، و عادل حەزین، وکازم حەبیب، و نورە ئەلمسلم، و لەتیفە شەعلان،و ئیبراهیم ئەلجوندی، و حەسەن محەمەد ئیسماعیل، و جورجیس گولیزادە، و بۆ هەموو نووسەرانی ئازاد کە لە مەینەتییەکەم تێگەشتن، هەروەها بەسەدان ناوی تری بەڕێز، هەر ئەمانە بە بیرە پیرەکەمدا هات، ئەمانە ئەستێرەی ئاسمانمانن و ڕۆژی ئایندەمانن، داوای لێبوردن دەکەم ئەگەر ناویانم نەهێنابێت، لە منەوە ڕێزی بێپایانم بۆیان هەیە وبەتایبەتی نووسەرانی تۆڕی نێودەوڵەتی بۆ زانیاری کە باشترین پێنووس بوون و زۆرتر پاک بوون لە کاتێکدا کە نیشتمانپەروەر خیانەتە و پاکیش تاوانە.

دوای دوودڵێک کە چەند مانگێکی خایاند، چەند ڕێگەیەک لە پێشم بوو، باشەکەیان تاڵ بوو: **ڕێگەی یەکەم** کە بۆم لوابوو ئەوەیە کە لەماڵەوە بە بێدەنگی دانیشم و موتابەعەی ئەو ڕووداوانە بکەم کە لەدەوروبەرم ڕوودەدات و منیش هیچ دەسەڵاتم نەبێت، زمانە لاڵەکەم قووت بدەم و لەگەڵ هەموو ڕووداوێکدا دڵم بسووتێت، چونکە من ناتوانم وشەکەم بگەیەنمە خەڵکی کە ڕەنگە نەختێ سوودی هەبێت، قۆرگم پڕ دەبێت لە قسە و دەمخنکێنێت، و سنگم پڕە لە خەمی تاساو، هیچ شتێکی تر نادۆزمەوە جگە لە جیهانی بەدبەختەکان کە بە بێ هیوا بەناویدا

تێدەپەڕم و هیچ شتێک مانای نییە، ئەو جیهانە نە کاتە و نە شوێنە، و نە مردنە و نە ژیان، جیهانێکە لە پانتاییەکی بێکۆتایی و بێ ڕواڵەت و بێ دیاردە.

**ڕێگەی دووەم** ئەوەیە کە دەبەنگی بنوێنم و دەست بگرم بە بیرۆکە و پێنووسەکەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیەکی بێ ئومێد، زۆرجار وامکردووە و بە بەردەوامیش ئەوەی کە دەمنووسی منداڵەکانم ئەیاندڕان، یان یەکە یەکە دەیانشاردەوە، بۆ ئەوەی ڕۆژانێک لە کێشمەکێش و گفتوگۆ بەسەربەرین، من بۆ ئەوان باوک ودایک و مامە و خاڵۆ و هاوڕێ و خۆشەویستم، ئەوانیش نهێنی ئەگەری ژیانمن تا ئەمڕۆ، ئەوان ژیانە شپرزەکەمیان جوان کرد و مانایان پێبەخشی، و بەزۆری بڕیارەکانیان جێبەجێ دەکرا لە پەیوەست بە چارەنووسی کاروباری خێزانەوە، بە هۆی ڕێزگرتن لە بیروباوەڕ ڕێزی هاودەنگیم دەگرد، تەنانەت ئەگەر لەگەڵ پێوەر و ڕۆچوونم( خبرە) نەبووایە. هەڕەشەکردن بۆ کوشتنم هاندەر بوو بۆ وەستاندنم لە نوسین و بەیاننامەیەکم دەرکرد کە ئاماژەم بۆ وەستاندن کرد لە نووسین کە بکوژەکە داوای کردبوو، ترس لە مردن نەبووا ئەلێرەیش بانگهێشەی ئەوە ناکەم بۆ پاڵەوانیەتێکی درۆزنانە، چونکە ترس خوڕسکێکی سروشتی مرۆڤایەتییە، تەنانەت هەندی لایەنی تایبەتی لە مەسەلەکەدا هەیە.

من هەموو ڕۆژێ چەند جارێک دەمرم و بەتەواوەتی بێهۆش دەبم بە بۆنەی هەڵەیەک لە ئەنجامی نەشتەرگەرییەک لە ڕەگی مێشکم کرا، لەوێ جێژی مردنێکی ڕاستگۆیانەم بینی لەڕێگەی پێکەوەژیان و ڕاستەوخۆ و هەست پێکردن ناسیم، ئەوەی لە تاقیکردنەوەی مردنێکی بەردەوام بەدەستم هێنا، زانیارییەکی گرنگە بۆ تاقیکردنەوە وجوودیەکەمان، ئەوەیە کە مردن هێچ جۆرێک لە ئازار و هەستی تێدا نییە، و لەوێش جیهانی دێوودرنج و خشۆک و مار و غولمان و مەلائیکە و جنۆکە نییە، بەڵکۆ کۆتایی هەستەکانە بە هەموو ئازارەکانی لە پشویەکی ئارامدا کە من بە جوان و ئارام ناوی دەبەم، زۆر جار هیوام دەخوازت کە نەگەڕێمەوە، بەڵام هەموو جارێک دەگەڕامەوە و دەمزانی هەر زیندووم ئیتر ئەو کاتە هەستم بە ئازاری لەشە نەخۆشەکەم دەکرد.

لە کاتی کۆبوونەوە لەگەڵ هاوڕێکانمدا ئەم زانیارییە سوودبەخش و گرنگ و بڕشنگدارەم پێ دەوتن، بەتایبەتی ئەم زانیارییە لە تاقیکردنەوەیەکی شەخسییەوە هاتووە و بێ هاوتایە، هەموو ڕۆژێ ئەمە دووبارە دەبێتەوە و منیش دەیگێڕمەوە بۆ هاوڕێکانم، بە کورتی ئەمەیە: مردن ئەوترسناکە نییە، و ئەمەیش ئامانجێکە کە سەرقاڵی من و ئەوانیشی کردبوو کە دیاردەیەکە لێمان ون نییە.

ئەوەشت پێ ڕادەگەیەنم کە من خۆمم فێر چەک و شمشێر هەڵگرتن نەکردووە، نە ئامێرەکانمە و نە شەڕی منیشە، ئەمانە ئامێری مردنە بەڵام کار و پیشەم ژیانە، بۆیە خۆمم فێری هەڵگرتنی پێنووس و درووستکردنی بیرۆکە کرد، لە خۆشەویستیم بۆ نیشتمان و خەڵکەکەم وەک ئامانجێکی تەکتیکی و ئیستراتیجی لەیەک کاتدا، بە بێ گوێدان بەوەی قایل دەبێت یان تووڕە دەبێت یان ستایش دەکات یان سەرزەنشت دەکات.

چەک بۆ کوشتن درووستکرا بەڵام پێنووس بۆ خولّقاندن و ژیان درووستکرا بە یارمەتی عەقلی داهێنەر لە پێناوی خۆشتبەختەوەری مرۆڤ دەست دەکات بە بیرۆکەی هاوکێشەکان یان یاساکان یان بیروباوەڕەکان یان وشەکان یان دۆزینەوە یان خولّقاندن. ئەگەر شەڕەکە لە نێوان پێنووس و ڕەشاش بێت، چی شەڕێکی بێ ئومێدە وچی شوێنکەوتێکی دوڕاوە، و ئەو کۆمەڵگە چی بەدێکە کە ئەم شەڕە داڕێژێ، و ئەو کاتەی کە بەڵگەی ناتەواو و سەڵماندنی لاواز و هەستکردن بە شەرمەزاری ببیتە هاندەرێک کە وەڵامیان کوشتن بێت، ئیتر چی شەریعەتێکی ناهەموارە و چی ئامرازێکی لاوازە کە ئەم یاسا بۆگەنانە دادەڕێژن.

بەڵام ئەگەر کێشمەکێشەکە وشە بەرامبەر وشە بێت، و سەلماندن بەرامبەر بەڵگە بێت، و بەڵگە بۆ داواکرەییەکان، بەم شێوەیە کێشمەکێشەکە تەندرووست و شارستانی و بەرهەمهێنەر دەبێت، گەورەم من بۆ ئەم جۆرە کێشمەکێشانەم، ئەگەر سەرکەوێت یان بدۆڕێت، گرنگ ئەوەیە لە کۆتایدا ئەنجامێکی هەبێت  کە لە واقعدا کارێک بکات و هەنگاوێک بڕواتە پێشەوە....بە ئاشکراکردنی بۆ خەڵک و نەک چەسپاندنی، کێشمەکێش بەم شێوەیە تەنگوجەڵەمەکان چارسەر دەکات و ئاڵۆزی ناکات، کۆمەڵێ چارەسەر دەخرێتە پێش خەڵک بۆ ئەوەی بتوانن چاکەکەیان هەڵببژێرن و بزانن کام ئەللتەرناتیف باشترە بە بێ ئەوەی فەرز بکرێتە سەریان، مەودایش دەکرێتەوە بۆ هەموو بیروباوەڕێک بۆ ئەوەی پێشبرکێ بکرێت و کۆمەڵگەش چی بەباش دەزانێت دەیبات بۆ بەرژەوەندی خۆی، دەبەنەوە و دەدۆڕێنن لە جیاتی ئەوەی کە یەکتری بکوژن و هیچ بیروباوەڕێک بە موقەدەسی و بە بێ هەڵە نامێنێتەوە ، چونکە ئەوەی لەسەر زەوی دەمێنێتەوە ئەوەیە کە لە بەرژەوەندی خەڵکدا بێت..

.........